حکومەتی هەرێمی کوردستان - ئەنجومەنی وەزیران
دەزگـــای گشتی کاروباری مین
بەڕێوەبەرایەتی گشتی کاروباری تەکنیکی

# ڕاپۆرتی کار و چالاکیەکانی
# دەزگای گشتی کاروباری مین
# بۆ ساڵی 2019



٢٠١٩

ناونیشان: هەولێر / گوندی ئیتالی یەك لەسەر شەقامی (١٠٠)مەتری
website: www.maa.gov.krd
facebook.com/KurdistanMAA

# پێرســــــــــت


| ژ | بابەت | لاپەڕە |
|---|---|---|
| ١- | پێشەکی.......................................................................... | ١ |
| ٢- | پوختەی کار و چالاکیە سەرەکیەکانی دەزگای گشتی کاروباری مین....................... | ٢ |
| ٣- | ڕاپۆرتی کار و چالاکیەکانی پاکسازی................................................ | ٣ |
| ٤- | خولەکانی ڕاهێنان.......................................................................... | ٥ |
| ٥- | ڕاپۆرتی کار و چالاکیەکانی بەڕێوەبەرایەتی دڵنیایی جۆری و مۆڵەتپێدان............... | ٦ |
| ٦- | ڕاپۆرتی چالاکیەکانی پەروەردەی هۆشیارکردنەوە لە مەترسییەکانی مین و تەقەمەنی........ | ٧ |
| ٧- | کاری ڕێکخراوەکان.......................................................................... | ٨ |
| ٨- | ڕاپۆرتی چالاکی سەنتەرەکانی دەست و پێی دەستکرد و ڕووداوەکانی مین و تەقەمەنی......... | ٩ |
| ٩- | لیستی ناوی قوربانییانی مین و تەقەمەنی.................................................. | ١٠ |
| ١٠- | ڕاپۆرتی کۆتایی بەڕێوەبەرایەتی پلاندانان و بەدواداچوون....................................... | ١١ |
| أ- | بەشی پلان و بەدواداچوون ........................................................... | ١٤ |
| ب - | بەشی ئیدارەی زانیاری.................................................................. | ١٤ |
| ج- | هۆبەی تۆمارکردن و ئەرشیف........................................................... | ١٤ |
| د- | هۆبەی سیستەمی بەڕێوەبردنی زانیاری وGIS و IT.................................. | ١٦ |
| ه- | کارەکانی تەکنەلۆجیای زانیاری............................................................ | ١٩ |

# پێشەکی

**تێکرای تیمەکانی پاکسازی و لەناوبردنی مین و تەقەمەنی و ڕووپێوی ئامادەکاری تەکنیکی سەر بە دەزگای گشتی کاروباری مین بە درێژای ساڵی ڕابردوو بەردەوام بوون لەسەر چالاکیەکانیان و ئاستی بەرهەمی دەزگا لە ساڵی ٢٠١٩ بە بەراورد لەگەڵ ساڵی ٢٠١٨ بەرز بوونەوەیەکی بەرچاوەی بەخۆیەوە بینی بە شێوازێک (ڕووبەری گشتی ڕەها کراو لە مین و تەقەمەنی) بە ڕێژەی ٦٢,٥% زیادی کرد و لە ٦,٥ ملیۆن م٢ بۆ ١٠,٥ ملیۆن م٢ بەرز بووەوە.**

**هەروەها ژمارەی مین و پارچە تەقەمەنی (UXO) و کەرستەی تەقەمەنی سەرپێیی (IED) لە ناوبراو بەڕێژەی ٢٥,٦% زیادی کردووە و لە (٢٢,٢٥٢) بۆ (٢٧,٩٦٧) بەرز بووەوە وێڕای ئەوەی تێکرای (١٠٢) کێڵگە و شەڕگەی مینرێژکراو لە ساڵی (٢٠١٩) پاک کراونەتەوە کە بە بەراورد لەگەڵ ساڵی (٢٠١٨) کە ژمارەیان (٦٥) کێڵگە بوو بە ڕێژەی ٣٦,٣% بەرز بۆتەوە.**

**یەکێک لە هۆکارە سەرەکییەکانی بەرز بوونەوەی ئاستی بەرهەمی دەزگا بۆ ڕێکخستنەوە و چاودێری تیمەکان لە ڕووی پابەند بوون بە ڕۆژ و کاتەکانی کارکردن دەگەرێتەوە دوای کۆتایی هاتنی قەیرانی مووچەی فەرمانبەران هەروەها بەرنامەیەکی نوێی دەزگای مین بەناوەی (مینلابەری نموونەیی) کە بۆ یەکەم جار لە مانگی تەمووزی (٢٠١٨) خرایە بواری جێبەجێ کردنەوە کاریگەرییێکی ئەرێنی هەبووە لە بەرزکردنەوەی ئاستی بەرهەمی دەزگا.**

**شایانی ئاماژەیە کە لە کۆی (١٠٢٠) فەرمانبەری دەزگا (٧٦٧) یان فەرمانبەری گرێبەستن کە نزیکەی ٧٥% کۆی فەرمانبەرانی دەزگا پێک دینن و زۆربەیان کارمەندی کێڵگەیین کە لە چوارچێوەی (٣٥)تیمی پاکسازی (clearance) و (٤) تیمی لە ناوبردنی تەقەمەنی (EOD) و (١٧) تیمی دڵنیایی جۆری (QA) و (٥) تیمی ڕووپێوی ئامادەکاری تەکنیکی (PTS) درێژە بە چالاکیەکانیان دەدەن.**

**هەروەها پلانی ستراتیژی درێژخایەنی دەزگا لە ماوەی ساڵی (٢٠١٩) بە هاوکاری فەرمانگەی کاروباری مین حکومەتی فیدراڵ و یەکەی پشتیوانی جێبەجێ کردنی ڕێککەوتننامەی قەدەغەکرانی مینی دژە کەسی (ISU) ئامادەکرا کە بە مەرجی تەرخانکردنی بودجەی پێویست دەکرێت تا ساڵی (٢٠٢٨) هەرێمی کوردستان لە مەترسی پاشماوەی مین و تەقەمەنی پاک بکرێتەوە.**

**لە کۆتایی دا هیوای سەلامەتی و تەندروستی و بۆ تێکرای ستاف و کارمەندانی دەزگای گشتی کاروباری مین دەخوازین.**

**سراج بارزانی**

**سەرۆکی دەزگای گشتی کاروباری مین**

# پوختەی کار و چالاکیە سەرەکیەکانی دەزگای گشتی کاروباری مین

| # | چالاکی | ژمارە | تێبینی | | | |
|---|---|---|---|---|---|---|
| 1 | ڕووبەری گشتی ڕەها کراو لە مەترسیەکانی مین و تەقەمەنی بە م٢. | 10,424,032 | | | | |
| 2 | ژمارەی مینی لەناوبراو . | 6,808 | مینی دژە کەسی | 6,788 | مینی دژە تانک | 20 |
| 3 | ژمارەی پارچە تەقەمەنی (UXO) لەناوبراو | 20,975 | | | | |
| 4 | ژمارەی کەرستەی تەقەمەنی سەرپێیی (IED) | 184 | | | | |
| 5 | ژمارەی کێڵگەمینی پاککراو. | 90 | | | | |
| 6 | ژمارەی شەڕگە(BAC)ی پاککراو. | 12 | | | | |
| 7 | ژمارەی کێڵگەمینی ڕادەستکراو. | 77 | | | | |
| 8 | ڕووبەری کێڵگە مینی ڕادەستکراو بە م٢. | 2،277،742 | | | | |
| 9 | ژمارەی سوودمەندان لە بەرنامەی هۆشیارکردنەوە. | 164,556 | سوودمەندی (پیاو-ئافرەت-گەنج- منداڵ) | | | |
| 10 | کردنەوەی خولی ڕاهێنان. | 11 | ژمارەی سوودمەند لەم خولانە بریتییە لە | 145 | | |
| 11 | بەرکەرتوو بە مین و تەقەمەنی. | 22 | ژمارەی گیان لە دەستدان | 8 | ژمارەی بریندار | 14 |
| 12 | مۆڵەتپیدانی ڕێکخراو /کۆمپانیاکان. | 1 | ڕێکخراو | 0 | کۆمپانیا | 1 |
| 13 | نوێکردنەوەی مۆڵەت بۆ کۆمپانیا/ڕێکخراو. | 19 | ڕێکخراو | 7 | کۆمپانیا | 12 |
| 14 | ژمارەی سەردانی چاودێرانی دڵنیایی جۆری بۆ کێڵگە مینەکان. | 2,901 | | | | |

## ڕاپۆرتی کار و چالاکیەکانی پاکسازی

| زنجیرە | چالاکی | کۆی گشتی پارێزگاکان | کۆی گشتی ڕێکخراوەکان |
|---|---|---|---|
| 1 | ڕووبەری زەوی پاککراوە م٢ (بەدەست) (Elec +Full) | 1,013,315 | 801,337 |
| 2 | ڕووبەری زەوی پاککراوە م٢ (بەسەگ) (MDD) | - | 127,681 |
| 3 | ڕووبەری زەوی پاککراوە م٢ (بەمیکانیکەڵ) (MICH) | 116,915 | - |
| 4 | ڕووبەری زەوی پاککراوە م٢ (بچووککراو) (Reduced) | 303,560 | 195,308 |
| 5 | **کۆی گشتی زەوی پاککراو بە م٢** | **1,433,790** | **1,124,326** |
| 6 | ڕووبەری لابراو لە ریگای (PTS) | 7,865,916 | - |
| 7 | ژمارەی کیلگە مینی پاککراو | 50 | 40 |
| 8 | ژمارەی شەڕگە(BAC)ی پاککراو | 5 | 7 |
| 9 | ڕووبەری زەوی ئامادەکراو بە مەکینە(م٢) (Area Prepared) | 318,969 | 60,442 |
| 10 | ڕووبەری زەوی نیشانەکراو بەشێوەیەکی هەمیشەیی بە(م٢) | 321,636 | 981,625 |
| 11 | ڕووبەری زەوی پشکێنراو لەلایەن تیمەکانی لەناوبردنی پارچە تەقەمەنی بە (م٢) | 1,250,917 | 210,588 |
| 12 | ژمارەی مینی دژە کەسی لە ناوبراو | 5,790 | 998 |
| 13 | ژمارەی مینی دژە تانک لە ناوبراو | 17 | 3 |
| 14 | ژمارەی پارچە تەقەمەنی (UXO) لە ناوبراو | 14,476 | 6,499 |
| 15 | ژمارەی خولی ڕاهێنانی ئەنجامدراو | 6 | 5 |
| 16 | کۆی ڕووبەری هەڵکەندراو بە مەکینە (م٢) | 74,805 | 1,226 |
| 17 | کۆی ڕووبەری فەرشکراو بە مەکینە (م٢) | 34,635 | 767 |
| 18 | کۆی ڕووبەری بێژراوە بە مەکینە (م٢) | 60,970 | 1,430 |
| 19 | ڕووبەری پاککراوە لە شوینی مەترسی بەرز(IED) | 12,900 | 3,440,098 |
| 20 | ژمارەی کەرستەی تەقەمەنی سەرپێی(IED) لەناوبراو | 9 | 175 |

| | |
|---|---|
| ڕووبەری پاککراو لەلایەن دەزگای گشتی کاروباری مین بە م٢ | 1,433,790 |
| ڕووبەری لابراو لە ڕیگای (PTS) | 7,865,916 |
| ڕووبەری پاککراو لە لایەن ڕێکخراوەکان لە پارێزگاکان بە م٢ | 1,124,326 |
| **کۆی گشتی ڕووبەری ڕەهاکراو بە م٢** | **10,424,032** |
| ژمارەی کێڵگەمینی پاککراوە | 90 |
| ژمارەی خولی ڕاهێنانی ئەنجامدراو | 11 |

| ڕاپۆرتی ڕادەستكردنەوە و تەواوبوونی كێڵگە مینەكان(HZ) | | | | | |
|---|---|---|---|---|---|
| # | لایەنی جێبەجێكار | پارێزگا | ژمارەی كێڵگەی مین | ڕووبەری گشتی پاكراوە م٢ | تێبینی |
| 1 | ب. گ كاروباری مین/دهۆك | دهۆك | 8 | 282,273 | |
| 2 | ب. گ كاروباری مین/هەولێر | هەولێر | 9 | 317,280 | |
| 3 | ب. گ كاروباری مین/سلێمانی | سلێمانی | 25 | 687,576 | |
| 4 | ب. گ كاروباری مین/گەرمیان | گەرمیان | 13 | 321,933 | |
| 5 | MAG | دهۆك | 10 | 203,525 | |
| 6 | MAG | گەرمیان | 3 | 254,300 | |
| 7 | MAG | سلێمانی | 4 | 94,800 | |
| 8 | HI | گەرمیان | 3 | 69,680 | |
| 9 | چەمی ڕێزان | سلێمانی | 2 | 46,375 | |
| | كۆی گشتی | | 77 | 2,277,742 | |

| ڕاپۆرتی ڕادەستكردنەوە و تەواوبوونی شەرگەكان (BAC) | | | | | |
|---|---|---|---|---|---|
| # | لایەنی جێبەجێكار | پارێزگا | ژمارەی BAC | ڕووبەری گشتی پاكراوە م٢ BAC | تێبینی |
| ١ | ب. گ كاروباری مین/گەرمیان | گەرمیان | 6 | 1,262,500 | |
| ٢ | ب. گ كاروباری مین/سلێمانی | سلێمانی | 2 | 1,200 | |
| ٣ | MAG | دهۆك | 7 | 409,299 | |
| ٤ | MAG | گەرمیان | 3 | 650,000 | |
| ٥ | MAG | سلێمانی | 2 | 1,850 | |
| | كۆی گشتی | | 20 | 2,324,849 | |

# خولەکانی ڕاهێنان لە ٢٠١٩/١/١ تاکو ٢٠١٩/١٢/٣١

| # | ناوی خول | شوین | ژ. بەشداربوان | ڕێکەوتی دەستپێک و کۆتایی خول |
|---|---|---|---|---|
| ١ | گەران و نیشانەکردن و کەرستەی تەقەمەنی سەر پێیی (IED) | بنکەی چالاکی ڕێکخراوی کۆمەڵەی ئامۆژگاری مین (MAG)/ چەمچەماڵ | ٣٠ | ٢٠١٩/١/٢٠- ٢٠١٩/٢/١٤ |
| ٢ | پوچەڵکردنەوەی مین | بەڕێوەبەرایەتی گشتی کاروباری مین /سلیمانی | ٩ | ٢٠١٩/١/٢٠- ٢٠١٩/١/٢٤ |
| ٣ | مینلابەری بنچینەیی | بەڕێوەبەرایەتی گشتی کاروباری مین /هەولێر- بۆ وەزارەتی پێشمەرگە | ٥ | ٢٠١٩/٢/٣- ٢٠١٩/٣/٤ |
| ٤ | سەرۆک تیمی گەران و نیشانکردنی کەرستەی تەقەمەنی سەرپێیی(IED) | بنکەی چالاکی ڕێکخراوی کۆمەڵەی ئامۆژگاری مین (MAG)/ دهۆک | ٧ | ٢٠١٩/٣/٤ - ٢٠١٩/٣/١٤ |
| ٥ | مینلابەری بنچینەیی | بەڕێوەبەرایەتی گشتی کاروباری مین /سلیمانی | ٣٨ | ٢٠١٩/٤/٧ - ٢٠١٩/٥/٧ |
| ٦ | سەرۆک تیم | بنکەی چالاکی ڕێکخراوی کۆمەڵەی ئامۆژگاری مین (MAG)/ چەمچەماڵ | ١٠ | ٢٠١٩/٧/١٤ - ٢٠١٩/٧/٢٥ |
| ٧ | سەرپەرشتیاری تیمەکان | بنکەی چالاکی ڕێکخراوی کۆمەڵەی ئامۆژگاری مین (MAG)/ چەمچەماڵ | ١٣ | ٧/٢٨/ ٢٠١٩- ٢٠١٩/٨/٨ |
| ٨ | پوچەڵکردنەوەی مین | بەڕێوەبەرایەتی گشتی کاروباری مین /سلیمانی | ٥ | ٢٠١٨/٩/١٥ - ٢٠١٩/٩/١٩ |
| ٩ | پەروەردەی هۆشیار کردنەوە لە مەترسییەکانی مین | بەڕێوەبەرایەتی گشتی کاروباری مین /گەرمیان بۆ ڕێکخراوی کارکردن لە پێناو ئاشتی | ٤ | ٢٠١٩/١١/١٧ - ٢٠١٩/١١/٢٢ |
| ١٠ | گەران و نیشانەکردن و کەرستەی تەقەمەنی سەر پێیی (IED)/پاک کردنەوەی خانوو | بنکەی چالاکی ڕێکخراوی کۆمەڵەی ئامۆژگاری مین (MAG)/ چەمچەماڵ | ١٤ | ٢٠١٩/١١/٢٦ - ٢٠١٩/١٢/٥ |
| ١١ | خولی ڕاهێنانی (سازدانی سەرچاوەکان) | بەڕێوەبەرایەتی گشتی کاروباری مین /هەولێر لە لایەن (UNMAS) | ١٠ | ٢٠١٩/١٢/٨ - ٢٠١٩/١٢/١٢ |

## ڕاپۆرتی کار و چالاکیەکانی بەڕێوەبەرایەتی دڵنیایی جۆری و مۆڵەتپێدان

| زنجیرە | چالاکی | ب.گ.ک.م هەولێر | ب.گ.ک.م سلێمانی | ب.گ.ک.م دهۆک | ب.گ.ک.م ئیدارەی گەرمیان | کۆی گشتی پارێزگاکان |
|---|---|---|---|---|---|---|
| 1 | ژمارەی سەردانی چاودێرانی دڵنیایی جۆری بۆ کێڵگەمینەکان. | 711 | 1,202 | 716 | 272 | 2,901 |
| 2 | ژمارەی فۆرمی پڕکراوە لەلایەن چاودێران لە میانەی سەردانەکان. | 1,199 | 2,040 | 1,276 | 461 | 4,976 |
| 3 | ژمارەی مەتری چێککراوە لە کاتی سەردانی کێڵگەمینەکان.م٢ | 42,145 | 174,861 | 42,430 | 24,766 | 284,202 |
| 4 | ژمارەی ( مین، UXO ) ی دۆزراوە لە کاتی چێککردنەوە. | 0 | 0 | 0 | 0 | 0 |
| 5 | ژمارەی ( مین، UXO ) دۆزراوە لەکاتی نموونەسازی | 0 | 0 | 0 | 0 | 0 |
| 6 | ژمارەی ( پارچەی کانزایی ) دۆزراوە لەژێر زەوی لەکاتی چێککردنەوە | 15 | 0 | 30 | 0 | 45 |
| 7 | ژمارەی کێڵگەمینی نموونەسازکراو . | 8 | 49 | 0 | 23 | 80 |
| 8 | ڕووبەری کێڵگەمینی ئامادەکراو بۆ نموونەسازی .م٢ | 47,527 | 1,461,478 | 0 | 1,932,396 | 3,441,401 |
| 9 | ڕووبەری سامپڵکراو .م٢ | 16,334 | 166,413 | 192,570 | 198,726 | 574,043 |
| 10 | هەڵسەنگاندن و مۆڵەتدان بۆ سەگ و سەگەوان. | 0 | 42 | 0 | 0 | 42 |
| 11 | هەڵسەنگاندن بۆ ئامێری مینپاکی. | 0 | 2 | 0 | 0 | 2 |
| 12 | هەڵسەنگاندن بۆ کەل وپەل. | 0 | 15 | 0 | 0 | 15 |
| 13 | نوێکردنەوەی مۆڵەت بۆ کۆمپانیا (12). | 0 | 0 | 0 | 0 | 0 |
| 14 | پێدانی مۆڵەت بۆ کۆمپانیا (1). | 0 | 0 | 0 | 0 | 0 |
| 15 | نوێکردنەوەی مۆڵەت بۆ ڕێکخراو (7). | 0 | 0 | 0 | 0 | 0 |
| 16 | پێدانی مۆڵەت بۆ ڕێکخراو (0). | 0 | 0 | 0 | 0 | 0 |

## راپۆرتی چالاکیەکانی پەروەردەی هۆشیارکردنەوە لە مەترسییەکانی مین و تەقەمەنی

| زنجیرە | چالاکییەکان | ب. گ.ک.م هەولێر | ب. گ.ک.م سلێمانی | ب. گ.ک.م دهۆک | ب. گ.ک.م ئیدارەی گەرمیان | کۆی گشتی |
|---|---|---|---|---|---|---|
| 1 | ژمارەی گوند/ کەمپە سەردانکراوەکان | 253 | 520 | 125 | 132 | 1030 |
| 2 | ژمارەی سوودمەند ( پیاو ) لە (18) ساڵی بەسەرەوە | 1510 | 3512 | 1114 | 733 | 6869 |
| 3 | ژمارەی سوودمەند ( ئافرەت ) لە (18) ساڵی بەسەرەوە | 813 | 4659 | 317 | 578 | 6367 |
| 4 | ژمارەی سوودمەند (گەنج - نێر) لە (13 - 17)ساڵی | 489 | 3523 | 443 | 983 | 5438 |
| 5 | ژمارەی سوودمەند (گەنج - مێ) لە (13 - 17)ساڵی | 1941 | 3470 | 264 | 887 | 6562 |
| 6 | ژمارەی سوودمەند ( منداڵ - نێر ) لە (6 - 12) ساڵی | 3230 | 5806 | 716 | 195 | 9947 |
| 7 | ژمارەی سوودمەند ( منداڵ - مێ ) لە (6 - 12) ساڵی | 2566 | 4036 | 506 | 113 | 7221 |
| 8 | ژمارەی کۆبونەوەکان لەگەڵ سوودمەندان | 613 | 567 | 142 | 536 | 1858 |
| | تێکرا | 10549 | 25006 | 3360 | 3489 | 42404 |

## دابەشکردنی هۆیەکانی هۆشیارکردنەوە

| زنجیرە | چالاکییەکان | ب. گ.ک.م هەولێر | ب. گ.ک.م سلێمانی | ب. گ.ک.م دهۆک | ب. گ.ک.م ئیدارەی گەرمیان | کۆی گشتی |
|---|---|---|---|---|---|---|
| 1 | پۆستەر | 378 | 389 | 1833 | 55 | 2655 |
| 2 | نامیلکەی رێبەری هۆشیارکردنەوە | 10 | 135 | 511 | 1 | 657 |
| 3 | لفلێت | 6877 | 4235 | 2079 | 257 | 13448 |
| 4 | کارتی زانیاری پەیوەندیکردن | 527 | 0 | 0 | 76 | 603 |
| 5 | نامیلکەی منداڵان یان چیرۆکی وێنەدار | 252 | 885 | 0 | 4 | 1141 |
| 6 | گۆڤار | 5524 | 2370 | 0 | 1817 | 9711 |
| 7 | یاری مار و پەیژە (پەزڵ) | 0 | 740 | 1109 | 162 | 2011 |
| 8 | دەفتەری قوتابخانە | 0 | 1120 | 713 | 366 | 2199 |

## کاری ڕێکخراوەکان

| زنجیرە | چالاکییەکان | ڕێکخراوی MAG | ڕێکخراوی SoS | ڕێکخراوی HI | کۆی گشتی |
|---|---|---|---|---|---|
| 1 | ژمارەی گوند/ کەمپە سەردانکراوەکان | 1040 | 632 | 21 | 1693 |
| 2 | ژمارەی سوودمەند ( پیاو ) لە (18) ساڵی بەسەرەوە | 9987 | 6827 | 2603 | 19417 |
| 3 | ژمارەی سوودمەند ( ئافرەت ) لە (18) ساڵی بەسەرەوە | 8202 | 2190 | 3720 | 14112 |
| 4 | ژمارەی سوودمەند (گەنج - نێر) لە (13 - 17)ساڵی | 7680 | 7783 | 1380 | 16843 |
| 5 | ژمارەی سوودمەند (گەنج - مێ) لە (13 - 17)ساڵی | 7468 | 3401 | 1488 | 12357 |
| 6 | ژمارەی سوودمەند ( منداڵ - نێر ) لە (6 - 12) ساڵی | 17164 | 9635 | 5991 | 32790 |
| 7 | ژمارەی سوودمەند ( منداڵ - مێ ) لە (6 - 12) ساڵی | 15721 | 4826 | 6086 | 26633 |
| 8 | ژمارەی کۆبونەوەکان لەگەڵ سوودمەندان | 4589 | 649 | 1154 | 6392 |
| | تێکرا | 66222 | 34662 | 21268 | 122152 |

## دابەشکردنی هۆیەکانی هۆشیارکردنەوە

| زنجیرە | چالاکییەکان | ڕێکخراوی MAG | ڕێکخراوی SoS | ڕێکخراوی HI | کۆی گشتی |
|---|---|---|---|---|---|
| 1 | پۆستەر | 7238 | 21408 | 996 | 29642 |
| 2 | نامیلکەی ڕێبەری هۆشیارکردنەوە | 0 | 0 | 0 | 0 |
| 3 | لفلێت | 87984 | 26325 | 34064 | 148373 |
| 4 | کارتی زانیاری پەیوەندیکردن | 1 | 0 | 0 | 1 |
| 5 | نامیلکەی منداڵان یان چیرۆکی وینەدار | 9327 | 0 | 0 | 9327 |
| 6 | گۆڤار | 0 | 0 | 2005 | 2005 |
| 7 | یاری مار و پەیژە (پەزڵ) | 6780 | 401 | 0 | 7181 |
| 8 | دەفتەری قوتابخانە | 3127 | 19000 | 0 | 22127 |
| 9 | تی شێرت | 0 | 0 | 0 | 0 |
| 10 | قەڵەم | 0 | 0 | 1271 | 1271 |
| 11 | ستیکەر | 0 | 15981 | 0 | 15981 |
| 12 | تــۆپ | 0 | 1315 | 0 | 1315 |
| 13 | مەدالیە | 0 | 812 | 0 | 812 |
| 14 | کوپ | 0 | 0 | 0 | 0 |
| 15 | کاس | 0 | 14 | 0 | 14 |
| 16 | شۆرت و درێس | 0 | 1089 | 0 | 1089 |
| 17 | کاتژمێر | 0 | 2 | 0 | 2 |
| 18 | درع و کریستاڵ | 0 | 59 | 0 | 59 |
| 19 | جانتای شوان | 0 | 2 | 0 | 2 |
| 20 | ساڵنامە | 0 | 29744 | 0 | 29744 |

تێبینی /

## راپۆرتی چالاکی سەنتەرەکانی دەست و پێی دەستکرد و ڕووداوەکانی مین و تەقەمەنی

| زنجیرە | چالاکی | مەڵبەندی ئۆرثۆپیدی دیانا | بنکەکانی دەست و پێی دەستکرد لە سلێمانی (کۆرد و ئیمرجێنسی) | بنکەکانی دەست و پێی دەستکرد لە دهۆک | کۆی گشتی |
|---|---|---|---|---|---|
| 1 | ژمارەی نەخۆشی تازە تۆمارکراو ( سەردان) | 1616 | 791 | 125 | 2532 |
| 2 | ژمارەی نەخۆشی خەوتوو | 29 | 844 | 0 | 873 |
| 3 | ژمارەی چارەسەری سروشتی ئەنجامدراو | 789 | 5817 | 2072 | 8678 |
| 4 | ژمارەی چاککردنەوەی پەلی دەستکرد | 267 | 2270 | 858 | 3395 |
| 5 | ژمارەی کورسی جوڵاو (wheel chair) ی پێشکەشکراو | 13 | 27 | 145 | 185 |
| 6 | ژمارەی یاریدەدەری ڕۆیشتن ( Walking aid) وەک: دارئەنیشک، داردەست، دارەلی یان ڕەوڕەوە (Walker higher) ی پێشکەشکراو | 38 | 2605 | 284 | 2927 |
| 7 | ژمارەی کورسی (WC) پێشکەشکراو | 0 | 0 | 19 | 19 |
| 8 | ژمارەی ئەو کەمئەندامانەی چاککاری خانوبەرەیان بۆ کراوە | 0 | 1 | 0 | 1 |
| 9 | ژمارەی وەرشەی یارمەتی بۆ کەمئەندامان (هەرەوەزی) | 0 | 4 | 0 | 4 |
| 10 | پرۆژەی داهات بۆ کەمئەندامان | 0 | 54 | 0 | 54 |
| 11 | ژمارەی کەمئەندامان کە ڕاهێنانی پیشەییان پێکراوە | 0 | 0 | 0 | 0 |
| 12 | ژمارەی پاڵپشت (orthosis) ی دروستکراو | 115 | 243 | 54 | 412 |
| 13 | ژمارەی پەلی سەرەوەی دروستکراو | 6 | 137 | 8 | 151 |
| 14 | ژمارەی پەلی خوارەوەی دروستکراو | 70 | 799 | 179 | 1048 |

### ڕووداوەکانی مین و تەقەمەنی:

| زنجیرە | شوێن | ژمارەی بریندار | ژمارەی شەهید |
|---|---|---|---|
| 1 | پـــــارێزگـــــای هەولێـــر | 6 | 2 |
| 2 | پـــــارێزگـــــای سلێمانی | 6 | 3 |
| 3 | پـــــارێزگـــــای دهـــۆک | 1 | 2 |
| 4 | پـــــارێزگـــــای هەڵەبجە | 0 | 0 |
| 5 | ئیـــدارەی گەرمیـــــان | 1 | 1 |
| | کۆی گشتی | 14 | 8 |

## لیستی ناوی قوربانییانی مین و تەقەمەنی

| # | پارێزگا | قەزا | ناحیە | گوند | ناوی قوربانی | بەرواری لەدایکبوون | ڕەگەز | بەرواری ڕووداو | جۆری بەرکەوتن / کوژرا یان بریندار | پیشە | هۆی ڕووداو |
|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|
| 1 | هەولێر | سۆران | دیانە | سکتان | ستار سەرکەوت عبدالمتەلیب | 2006 | نێر | 2019-01-16 11:20 | بریندار | قوتابی | تەقەمەنی |
| 2 | هەولێر | سۆران | دیانە | سکتان | جومعە عەبدوڵا خدر | 1999 | نێر | 2019-01-16 11:20 | بریندار | پێشمەرگە | تەقەمەنی |
| 3 | هەولێر | سۆران | دیانە | سکتان | کەیفی عەبدوڵا خدر | 1999 | نێر | 2019-01-16 11:20 | بریندار | خەڵکی گوند | تەقەمەنی |
| 4 | هەولێر | سۆران | دیانە | سکتان | محمد خدر محمود | 1970 | نێر | 2019-01-16 11:20 | کوژراو | خەڵکی گوند | تەقەمەنی |
| 5 | هەولێر | چۆمان | حاجی ئۆمەران | زینوێ | غەفور هەمزە عەزیز | 1970 | نێر | 2019-02-13 20:30 | بریندار | کرێکار | تەقەمەنی |
| 6 | هەولێر | چۆمان | حاجی ئۆمەران | رایات | گۆران کاکل ڕەجەب | 1970 | نێر | 2019-06-28 16:00 | کوژراو | شوان | مینی دژە کەس |
| 7 | هەولێر | مێرگەسۆر | پیران | بانۆک | مقداد حسن ابراهیم | 1992 | نێر | 2019-08-20 22:00 | بریندار | دیمانیەر | مینی دژە کەس |
| 8 | هەولێر | سۆران | دیانە | دیانە | سەرهەنگ عادل یونس | 2008 | نێر | 2019-10-25 15:00 | بریندار | قوتابی | تەقەمەنی |
| 9 | سلێمانی | پێنجوێن | پێنجوێن | حاجی ماجد | ڕەحیم ڕەشید محمد | 1959 | نێر | 2019-04-22 15:00 | کوژراو | خەڵکی گوند | مینی دژە کەس |
| 10 | سلێمانی | شارباژێر | سیوەیل | سیری | یاسین حەمە ئەمین عەزیز | 1966 | نێر | 2019-05-05 4:00 | بریندار | کرێکار | مینی دژە کەس |
| 11 | سلێمانی | پێنجوێن | پێنجوێن | حاجی ماجد | محمد حمە صالح محمد | 1952 | نێر | 11/05/20190 15:00 | کوژراو | کرێکار | مینی دژە کەس |
| 12 | هەڵەبجە | هەڵەبجە | سیروان | هەڵەبجە | دلشاد نوری عەلی | 1991 | نێر | 2019-05-01 15:00 | بریندار | کرێکار | تەقەمەنی |
| 13 | هەڵەبجە | هەڵەبجە | سیروان | هەڵەبجە | سەنگەر نجات حەسەن | 1989 | نێر | 2019-05-01 15:00 | کوژراو | کرێکار | تەقەمەنی |
| 14 | هەڵەبجە | هەڵەبجە | سیروان | هەڵەبجە | کاروان وەلی حسین | 1991 | نێر | 2019-05-01 15:00 | بریندار | کرێکار | تەقەمەنی |
| 15 | هەڵەبجە | هەڵەبجە | سیروان | نەوار | کەیوان ئەحمەد عەلی | 1964 | نێر | 2019-05-14 15:10 | بریندار | دیمانیەر | مینی دژە کەس |
| 16 | هەڵەبجە | هەڵەبجە | سیروان | نەوار | فریاد حسین کەریم | 1964 | نێر | 2019-05-14 15:10 | بریندار | دیمانیەر | مینی دژە کەس |
| 17 | هەڵەبجە | هەڵەبجە | سیروان | گەرەکی قوڵکی | محمود فتاح عبدالمحمد | 1968 | نێر | 2019-12-14 | بریندار | کاسب | تەقەمەنی |
| 18 | گەرمیان | خانەقین | مەیدان | شیوازی | سەفەر یوسف محمد گول محمد | 1987 | نێر | 2019-11-16 15:00 | کوژراو | خەڵکی گوند | مینی دژە کەس |
| 19 | گەرمیان | خانەقین | گۆرەتوو | مەحمود قەجەر | محمد فەرەج عەلی | 1993 | نێر | 2019-02-19 15:00 | بریندار | شوان | مینی دژە کەس |
| 20 | دهۆک | ئامێدی | دێرەلوک | گەلاکا | نەزیف محسن تەیب | 1984 | نێر | 2019-05-25 17:00 | بریندار | دیمانیەر | مینی دژە کەس |
| 21 | دهۆک | زاخۆ | دەرکار | نوردینا | ئەمین عیسا ڕەشید | 1977 | نێر | 2019-01-22 13:30 | کوژراو | پێشمەرگە | مینی دژە کەس |
| 22 | دهۆک | شێخان | ئەتروش | مکێرس | حەواس محسن خالد | 2005 | نێر | 2019-03-08 1:00 | کوژراو | شوان | مینی دژە کەس |

# راپۆرتی کۆتایی بەڕێوەبەرایەتی پلاندانان و بەدواداچوون:

- ئەنجامدانی (11) یازدە کۆبوونەووە تایبەت بە پلاندانان و زانیاری دەزگا وەکو نوێنەری دەزگا لەگەڵ بەڕێوەبەرایەتی پلان و زانیاری بەغداد و ڕێکخراوەکانی بواری مین پاکی لە سەرتاسەری عیراقی فیدراڵ کە مانگانە ئەنجام درا هەندێکیان لە ڕێکخراوی iMMAP لە هەولێر سێ کۆبوونەوەش لە بەغداد لە بارەگای بەڕێوەبەرایەتی مینی عیراقی فیدراڵ بۆ بەدواداچوونی کارەکانی مینپاکی لە هەرێم و عیراق لەگەڵ گشت لایەنەکانی تایبەت بە مینپاکی لە هەرێم و عیراق، لەسەرجەم کۆبوونەوەکان پرسنتەیشنی تایبەت بە کارە ئەنجامدراوەکان کێشە و ئاستەنگەکان و هەروەها ڕێکاری چارەسەری خرایە ڕوو لەگەڵ چەندین باس و بابەتی جۆراوجۆر.
- لە تێکڕای ئەم ساڵەدا توانرا (10) دە جار ئەنجامدانی پرۆسەی وەرگرتنی زانیاریەکانی تۆمارکراوی بنکەی زانیاری IMSMA کە تەواوی زانیاریەکانی بەڕێوەبەرایەتی گشتی کاروباری مین- سلێمانی /بەڕیوەبەرایەتی پلاندانان و بەدواداچوون دواتر سەلماندنی گشت زانیاریەکانی کە لە بنکەی زانیاریەکاندا بوو، شایەنی باسە سەرجەم پرۆسەکان چەند ئاستەنگێکی تەکنیکی تیادا بوو بەڵام توانرا بە سەرکەوتوویی تەواوی دە پرۆسەکە بە ئەنجام بگەیەنرێت.
- دامەزراندنن و ڕێکخستنی سێرڤەری تایبەت بە دەزگا بۆ دەستەبەر کردنی و دابەشکردنی تۆری ناوخۆیی دەزگای لە بواری ئەنتەرنێت و بەکارهێنانی لەلایەن بەڕێوەبەرایەتیە جیاجیاکانی ناو دەزگا بۆ بەدواداچوونی کارەکانی مینپاکی و ڕێکخستنی راپۆرتەکانی تایبەت بە بنکەی زانیاریەکانی منیپاکی ناسراو بە (IMSMA) هەروەها ئامادەکردنی سێرڤەرێکی نوێی تایبەت بە دابەشکردنی ئەنتەرنێت لە دەزگا بەناوی (Sophos UTM 9.x) کە جێگرەوەی سێرڤەری ئێستای بەکارهاتووی ڕۆژانە بەناوی (Kerio Control 9.x) کە تەواوی کارەکانی پێویست دابین دەکات بۆ کۆنترۆڵ و دابەشکردنی ئەنتەرنێت لە دەزگا و دەبێت بە سێرڤەری سەرەکی دەزگا بۆ ساڵی داهاتوو.
- ئەنجامدانی چەندین کۆبوونەوەیەکی تایبەت بە پلاندانانی پارێزگاکان بۆ بەدواداچوونی کارەکانی پلانی ساڵی 2019 و باسکردنی ئاستەنگی هاتۆتە پێشی و هەروەها ڕاڤەکردنی پلانی ساڵی 2020 کە پابەندبوونی پلانی ساڵانەی بەڕێوەبەرایەتیە گشتیەکانی پارێزگاکانی ئامانجە گشتیەکانی دەزگای گشتی کاروباری مین پەیڕەوبکرێت، هەروەها پابەندبوونی هەموو لایەک کرا بە بڕیارە نوێیەکەی دەزگا کە پێویست ئەکات بە نوێکردنەوەی زانیاریەکانی کێڵگەمینەکان پێش دەرکردنی هەر فەرمانی ئەرکێک بۆیان، ئەمەش بۆ کەمکردنەوەی تێچوو و کاتی پێویست بۆ ئەنجامدانی پرۆسەی پاکسازی.
- ڕێکخستن و ئامادەکردنی سێرڤەرێکی نوێ بۆ بنکەی زانیاری IMSMA بە فۆڕماتکردنەوەی سێرڤەرێکی تایبەت بۆ کردنی بە سێرڤەری سەرەکی دەزگا بەدانانی سۆفتویری نوێ و گواستنەوەی هەموو زانیاریەکان بۆ سێرڤەرەکە، ئەمەش بۆ خێرا کردنی ئەنجامدانی کارەکانی تۆمارکردن و کاری ڕۆژانەی تۆمارکردنی زانیاریەکانی بەشی بەڕێوەبردنی زانیاری لە بەڕێوەبەرایەتیەکە.
- ڕێکخستن و ئامادەکردنی دوو سێرڤەرەی نوێ بۆ بنکەی زانیاری IMSMA بەدانانی سۆفتویری نوێ و ئامادەکردن و دانانی هەموو پرۆگرامەکانی کە پێویستن بۆ ئەنجامدان و بەکارخستنی سێرڤەری ئامازەپێکراو، ئەمەش بۆ خێرا کردنی ئەنجامدانی کارەکانی ئاڵوگۆڕکردنی زانیاریەکانی مینپاکی کە لێژنەی تایبەتمەند بە ئاڵوگۆڕکردنی و

وەرگرتنی زانیاریەکان دەیکات کە مانگانە کارەکانی ئەنجام دەدات و پێویستی بەوە هەیە کە ئیش وکارەکانی خێراتر بکرێت.

- ئەنجامدانی سەکۆیکاری تایبەت بە نەخشەسازی GIS و تایبەت بە پێداچوونەوەی کارەکان و کێشەکانی تایبەت بە ئەنجامدانی کارەکانی بەڕێوەبەرایەتیەکەمان کە زیاتر بۆ ئاشنا کردنی کارمەندانی تۆمارکردنی زانیاری بە سەرەتاکانی بەکارهێنانی پرۆگرامی نەخشەسازی و GPS و باس لە باسکردنی کارەکانی رۆژانە و ئەوکێشانەی کە توشیان دەبێت لە جێبەجێ کردنیان بۆ خێرا کردنی کارەکانی بەڕێوەبەرایەتیەکەمان.
- ئەنجامدانی چاککردن و چاککردنی کێشەی (تان وپۆی) کێڵگەمینەکانی تایبەت بە بەڕێوەبەرایەتیەگشتیەکانی کە کێشەیان هەیە و بەشدارکردنی ڕێکخراوی iMMAP بە ئەنجامدانی کاری چاککردنەکە لە ڕێگای ئامادەکردنی کۆدێکی پرۆگرامی کە زانیاریەکانی (تان وپۆ) و لادان و دووری (Bearing and distance) تیادا چارەسەر کرابوو، تەواوی بەدواداچوونەکانی بۆ کرا هەر لە لایەنی زانیاریە جوگرافیەکان و تەواوی زانیاریەکانی مینپاکی بە هەموو بەشەکانیەوە کە زانیاریەکانی ناوچە مەترسیدارەکان و سەرجەم ناوچە پاککراوەکان و گشت زانیاری هۆشیاری و تەواوی زانیاریەکانی قوربانیانی مین و تەقەمەنی نەتەقاوەی جەنگ و ڕێکخستنی بنکەی زانیاری IMSMA بە هەماهەنگی تەواوی کارەکە جێبەجێ کرا و پەسەند کرا و پرۆسەکە بەسەرکەوتوویی کۆتایی پێهات.
- ئامادەکردنی سێرڤەرێکی تایبەتی IMSMA کەتایبەتە بە ناوچەکانی بۆمبرێژکراو لە سەرتاسەری هەرێمی کوردستان، ئەم سێرڤەرە هەر هەمان بنکەی زانیاری IMSMA ی لەسەر بەڵام تایبەتمەندنی خۆی هەیە بە بوونی ئەو فۆرمەکانەی کە پێشتر بە هەمەهەنگی لەگەڵ ڕێکخراوەکانی بواری مینپاکی کە کار لە بۆمبی چێنراو دەکەن ئامادە کرابوو تایبەتمەندی پێدرابوو لەبواری پاکسازی بۆمبی چێنراو، کە زیاتە لە 13 فۆڕمی تایبەتمەند. شایەنی باسە زیاتر لە 160 فۆڕمی تایبەت بەو ناوچانە لەلایەن ڕێکخراوی MAG وەرگیرا کە لە ساڵانی 2017 و2018 و2019ە ئەم کارانەیان ئەنجام دابوو، شایەنی باسە کارەکە بە سەرکەوتوویی ئەنجام درا و زانیاریەکان لە بنکەیەکی زانیاری تایبەت بەو کارە دەستپێکرا بە تۆمارکردن.
- ڕێکخستن و نووسین و تەواوکردنی ڕاپۆرتی تایبەت بە ڕێککەوتننامەی واژۆکراوی ئۆتاوا بۆ داهاتووی دەزگا کە پەیڕەوی بکات، کەتیایدا وردەکاری کارەکانی پلانێکی تۆکمەی تیادا جێکراوەتەوە بۆ هەشت ساڵی داهاتوو بۆ کاری پاکسازی سەرتاسەری ناوچەمەترسیدارەکانی هەموو هەرێمی کوردستان و دەرهێنانی تێچووی تەواوی کاری کە نزیکەی 261 کیلۆمەتر دووجا مەزەندە دەکرێت، کە بە کۆی گشتی نزیکەی 1.2 ملیار دۆلار دێتە ئەنجامدان و شایەنی باسە ئەم پلانە کارێکی مەزەندە کراوە بۆ بنەبڕکردنی مین و تەقەمەنی نەتەقاوەی پاشماوەکانی جەنگی ئەو ڕووبەرەی کە ئێستا ناسراوە و ڕاپۆرت کراوە و لەبەر دەستە، هەر بۆیە کاری پلاندانان بە گوێرەی تێچووی یەک مەتر لە ڕووبەری پیسبوو هەژمار کرا، کە ڕێکخراوە بۆ شێوازە جیاجیاکانی مینپاکی (دەستی، میکانیکی، ڕووپێوی سەرەتایی، ڕووپێوی تەکنیکی) هەروەها شێوازی پشکنینی تیمەکانی EOD بۆ ناوچەکانی شەڕگە بە گشتی لە پلانەکەدا جێی کرایەوە و کە لەسەر هەمان بنەمای وردەکاری و شیکاری ئامادە کراوە کە پێش تر لێکدانەوە و شیکاریکردنی کارەکانی مینپاکی بەگەشتی کرابوو لە ڕاپۆرتی درێژکردنەوەی 10ی ڕێککەوتننامەی ئۆتاواوا پێشکەش کراو لە ساڵی 2018 و کە ڕەزامەندیی نێودەوڵەتی بەدەستهێنا بوو، پێویستە ئەوەش باس بکریت کە ئەمە دووەم کاری پلاندانانی درێژخایەنی دەزگا دادەنرێت کە بە تەواوی وردەکاریەکان و پێداویستیەکانی ئامادەکرابوو، شایەنی باسە تەواوی تێچووی کارەکان لەسەر خەمڵاندنی تێچووی کاری مینپاکی کە 60%ی تێچووەکان لەلایەن حکوومەتی هەرێمەوە دابین بکرێت و40%ی تێچووەکانی تر لەلایەن کۆمەڵگای نێودەوڵەتی وولاتە بەخشندەکانی بواری مینپاکی دابین بکرێت. ئەم ڕاپۆرتە لە کۆتایی ئەم مانگە دەبێت پێشکەش

بکرێت لە کۆبوونەوەی تایبەت بە رێککەوتننامەی ئۆتاوا لە ئۆسلۆی پایتەختی وڵاتی فنلەندا بە ئامادەبوونی بەڕێز سەرۆکی دەزگا و لێژنەی ئامادەکار.

- رێکخستن و بەدواداچوونی کاری ئامادەکردنی ئەتڵەسی دەزگا ( IKMAA Atlas) بۆ زانیاریەکانی مینپاکی لە هەرێمی کوردستان، ئەم ئەتڵەسە زانیاریەکانی مینپاکی هەرێمی کوردستانی تیادا دەبێت کە بەپێی پارێزگاکان رێکخراوە و هەر پارێزگایەک بەپێی قەزاکانی زانیاریەکانی تیادا جێگیر کراوە سەبارەت بە تەواوی ناوچە پیس بووەکانی و کاری مینپاکی کە تیایدا ئەنجام دراوە و لە بوارەکانی ڕووپێوی و پاکسازی و ڕەهاکردنی زەویەکان و هەروەها دەسنیشانکردنی جۆرەکانی مین کە لەناوچەکەدا دۆزراوەتەوە و زانیاری لەسەر کارەکانی هۆشیارکردنەوەی لە مین و تەقەمەنی نەتەقاوەی جەنگ لە ناوچەکە، چەند سودمەند هەبووە بەپێی رەگەز و تەمەن، هەروەها زانیاری لەسەر قوربانیانی مین لەم ناوچەیە، ژمارەیان و دابەشبوونیان بەپێی ڕەگەز، هەروەها چەندین نەخشەی تیادایە کە ئەو زانیاریانەی سەرەوە ڕوون دەکاتەوە لەگەڵ چەند لیست و هێڵگاری ڕوونکردنەوە، بۆ ئەوەی تەواوی زانیاری لەسەر ناوچەکانی هەرێم وەکو کەتەلۆکێکی تایبەت لەبەر دەست بیێت، هەر بۆیە ڤێرژنی یەکەمی ئامادە کرا لەسەر زانیاریەکانی هەرێمی لە سەرەتای ئەم ساڵدا ئامادە کرا و بەدواداچوونی بۆ کراو هەڵەکانی تیادا دەستنیشان کرا، شایەنی باسە ئەم کارە بە هەماهەنگی لەگەڵ رێکخراوی iMMAP کە ئەوان هەستان بە ئەرکی ئامادەکرای و رێکخستنی کارەکە و هەر بەپێی ئەو رێککەوتنەی کە لەنێوان دەزگای مین و رێکخراوەکە هەیە ئەم کارە دووبارە دەبێتەوە ساڵانە یان شەش مانگ جارێک و چەند نوسخەیەکی ئامادەکراوی رەنگاورەنگ چاپ دەکرێت بۆ سود وەرگرتن لێی لە کارەکانی دەزگا لە بوارە جیاجیاکانی مینپاکی.
- ئامادەکردنی فۆرمی تایبەت بە پلانی دەزگا بۆ ماوەی چوار ساڵی داهاتووی کە هەماهەنگە لەگەڵ پرۆگرامی کابینەوی نوێی حکومەتی هەرێمی کوردستان (2019-2022) کە پێویستی دەکرد تەواوی پلانی چوار ساڵەی دەزگا پێشکەش بکرێت گشت کارەکانی پاکسازی وەکو پرۆژە حازر بکرێت هەروەها گشت کار و چالاکیەکی داهاتووی هەرێم تیادا شوێن بکرێتەوە، شایەنی باسە ئەم کارە زیاتر لە کۆبوونەوەیەک بۆئەوەی ئامادە و پێشکەشی ئەنجومەنی وەزیرانی حکومەتی هەرێم بکرێت.
- ئەنجامدانی کۆبوونەوەی ساڵانەی پلاندانان و بەدواداچوون لەگەڵ بەڕێوەبەرایەتی پلاندانانی پارێزگاکان، بۆ بەدواداچوونی کارەکانی پلانی ساڵی 2019 و باسکردنی ئاستەنگی هاتۆتە پێشی و هەروەها ڕاڤەکردنی پلانی ساڵی 2020 کە پێشتر نوسراوی تایبەت سەبارەت بە دەستنیشانکردنی ڕوانگەی دەزگا بۆ پێشایەتیەکانی ساڵی داهاتوو کە یەکی ئەگرتەوە لەگەڵ ڕاپۆرتەکانی تایبەت بە رێککەوتننامەی ئۆتاوا، لە کۆبوونەوەکە باسی کارەکان کراو ڕێژەی ئەنجامدراوی ساڵی 2019 خرایە ڕوو و زیاتر باسی شێوازی پلانی ساڵی 2020 کرا، دواتر هەر بەڕێوەبەرایەتیەک بەجیا کۆبوونەوەیان لەگەڵ دەکرێت بۆ چونە ناو وردەکاری پلانی ساڵانەی هەر پارێزگایەک.

### بەشی پلان و بەدواداچوون :

- ئامادەکردن و دەرکردنی فەرمانی ئەرک پێدانی کێڵگە مینەکان بۆ بەڕیوەبەرایەتی گشتی کاروباری مین/سلێمانی، دهۆک، هەولێر و گەرمیان و ڕێکخراوی پاکسازی مین MAG و ڕێکخراوی HI.

| ژمارەی نوسراو | ژمارەی فەرمانی ئەرک | ژمارەی کێڵگە مین | ژمارەی ناوچەی پیسبوو |
|---|---|---|---|
| 72 | 103 | 65 | 34 |

- پێداچوونەوە هەندێک لە فۆڕمەکانی هاتوو بۆ بەشی زانیاری و ڕاستکردنەوەی هەڵەکان و چارەسەرکردنی کێشەکانیان.
- بەدواداچوونی کارەکانی نوسراوەکانی بەڕێوەبەرایەتی پلاندانان و بەدواداچوون لە وەزارەتە جیاجیاکانی حکومەت.
- بەدواداچوون و بەشداری کردن لە ڕادەستکردنەوەی زەویەپاککراوەکان لەلایەن دەزگا و ڕێکخراوەکانی بواری مینپاکی.
- پێداچوونەوە لەکار و چالاکییەکانی لیژنەی ڕادەستکردنەوە کێڵگە مینەکان دەزگا.

### بەشی بەشی ئیدارەی زانیاری:


– هۆبەی تۆمارکردن و ئەرشیف:


* تۆمارکردنی فۆرمەکان:

تۆمارکردنی (4406) فۆرم لە داتا بەیسی سەرەکی (IMSMA) بە پێ ئەم خشتەیەی خوارەوە:

| ژمارە | جۆری فۆرم | ژمارەی فۆرمی تۆماکراو |
|---|---|---|
| 1 | فۆڕمی مەترسی Hazard | 737 |
| 2 | فۆڕمی مەترسی UXO | 623 |
| 3 | فۆڕمی مەترسی DA | 208 |
| 4 | فۆڕمی لابردنی مەترسی Progress Report | 563 |
| 5 | فۆڕمی Completion | 267 |
| 6 | فۆڕمی MRE | 1544 |
| 7 | فۆڕمی Accident | 62 |
| 8 | فۆڕمی Victim | 69 |
| 9 | فۆڕمی place | 333 |
| | **کۆی گشتی** | **4406** |

**هەروەها تۆمارکردنی زیاتر لە 320 ڕاپۆرتی بۆمبی چێنراوی ناوچە جیاجیاکانی پارێزگای هەرێم (ڕاپۆرتی ناوچەی مەترسیدار، ڕاپۆرتی پاکسازی) لە سیستمی بەڕێوەبردنی زانیاری تایبەت بە ناوچە بۆمب چێنراوەکان IMSMA.**



* **چاککردنی فۆرمەکان:**

**لە ئەنجامی پرۆسەی چێکردن و چاککردنی هەڵە یان کەموکوڕی لە فۆڕمەکان کە کاتی خۆی تۆمارکرابوون لە داتا بەیسی (IMSMA)، بەشی ئیدارەی زانیاری بە هەماهەنگی لەگەڵ ستافی هۆبەی تۆمارکردنی زانیاری و هۆبەی نەخشەسازی هەڵسا بە دەستنیشانکردن و چاککردنی هەڵە و کەم کوری لە فۆڕمەکان (کێڵگەمین، ناوچەی مەترسیدار، ڕووداى مین، قوربانی مین، ......)**

* **ئەرشیف کردنی فۆڕمەکان :**

**ئەرشیف کردنی گشت ئەو فۆرمانەی کە لە داتا بەیسی (IMSMA) تۆمارکراون، وئەرشیف کردنی ئەو نووسراوانەی تایبەتن بە بەڕێوەبەرایەتی پلاندانان بە مەبەستی پاراستنیان.**

– **هۆبەی سیستەمی بەڕێوەبردنی زانیاری وGIS و IT**

- **کارەکانی نەخشەسازی:**

| # | شوێنی داواکراو | نەخشە |
|---|---|---|
| 1 | بەڕێوەبەرایەتی گشتی کاروباری مین دهۆک / زاخۆ / ڕزگاری / شینافا / چەمێ شینافا IK-23875 بۆ ڕێکخراوی MAG. | 1 |
| 2 | بەڕێوەبەرایەتی گشتی کاروباری مین سلێمانی / هەڵەبجە / سیروان/ نەوەر / شانی باخی عبدالکریم IK-40544. | 1 |
| 3 | ئامادەکردن و دروست کردنی نەخشەی قەبارە گەورە (A0) بۆ ناوچە مەترسیدارەکانی هەرێمی کوردستان هەرسێ پارێزگای (هەولێر، دهۆک، سلێمانی و ئیدارەی گەرمیان) بۆ بەڕێوبەرایەتیەکەمان. | 1 |
| 4 | ئامادەکردن و دروست کردنی نەخشەی (A4) بۆ کێڵگە مینی IK-24073 , IK-24072, IK-23772 بۆ بەڕێوەبەرایەتی گشتی کاروباری مین / دهوک- زاخۆ بۆ ڕێکخراوی MAG. | 1 |
| 5 | ئامادەکردن و دروست کردنی نەخشەی (A4) بۆ کێڵگەمینی IK-22777,IK-10572 بۆ بەڕێوەبەرایەتی گشتی کاروباری مین / دهوک – ئامێدی بۆ ڕێکخراوی MAG. | 1 |
| 6 | ئامادەکردن و دروست کردنی نەخشەی (A4) بۆ کێڵگەمینی IK_40124 بۆ بەڕێوەبەرایەتی گشتی کاروباری مین/ گەرمیان بۆ ڕێکخراوی HI. | 1 |
| 7 | ئامادەکردن و دروست کردنی نەخشەی (A4) بۆ کێڵگەمینی IK_24036 بۆ بەڕێوەبەرایەتی گشتی کاروباری مین / دهۆک بۆ ڕێکخراوی MAG. | 1 |
| 8 | بەڕێوەبەرایەتی گشتی کاروباری مین دهوک / ئامێدی /سەرسەنگ /بەرێ کەڕ /ڕەوزێ بخۆل IK_10522 بۆ ڕێکخراویMAG . | 1 |
| 9 | بەڕێوەبەرایەتی گشتی کاروباری مین گەرمیان / کەرکوک / قەرەهەنجیر / بنەی ناوەراست پشت باخەکە IK_43450. | 1 |

| | | |
|---|---|---|
| 10 | بەڕێوەبەرایەتی گشتی کاروباری مین گەرمیان / کەرکوک / شوان _ڕێدار / ئیلینجاغ / زالواو A,B,C و IK_43473, IK_43474,IK_43475 | 1 |
| 11 | بەڕێوەبەرایەتی گشتی کاروباری مین سلیمانی/ چەمچەماڵ / قادر کەرەم / چاڵەدووانە /ڕەبایەی لووتەی لوتەی جەوەل IK_40374 | 1 |
| 12 | بەڕێوەبەرایەتی گشتی کاروباری مین گەرمیان / کفری / کۆکس / قەرەبلاغ / سنگی جەوەلەکە A_ و IK_40122 . | 1 |
| 13 | بەڕێوەبەرایەتی گشتی کاروباری مین گەرمیان/ کەلار / شێخ تەویل / سەرپەلوزەل A , B IK_434287 و IK_43288 | 1 |
| 14 | بەڕێوەبەرایەتی گشتی کاروباری مین گەرمیان/خانەقین /خانەقین /گاگۆل / دۆلە فیشەک(C) BAC, IK_43142 | 1 |
| 15 | بەڕێوەبەرایەتی گشتی کاروباری مین گەرمیان / خانەقین /خانەقین /گاگۆل / دۆلە فیشەک . BAC, IK_43143 | 1 |
| 16 | بەڕێوەبەرایەتی گشتی کاروباری مین گەرمیان / خانەقین /خانەقین /گاگۆل / دۆلە فیشەک , BAC .IK_43144 | 1 |
| 17 | بەڕێوەبەرایەتی گشتی کاروباری مین هەولیر/سۆران/سیدەکان /بۆزان /سپیندارۆک IK_10234 | 1 |
| 18 | بەڕێوەبەرایەتی گشتی کاروباری مین دهوک/ئامیدی/سەرسەنگ/بیبافا/ رەببییا ئەبابەکررۆژهەلات .IK_23967 | 1 |
| 19 | بەڕێوەبەرایەتی گشتی کاروباری مین دهوک/ ئامیدی/سەرسەنگ/بیبافا/ رەببییا ئەبابەکر IK_10594 | 1 |
| 20 | بەڕێوەبەرایەتی گشتی کاروباری مین گەرمیان / کەلار | 1 |
| 21 | بەڕێوەبەرایەتی گشتی کاروباری مین گەرمیان/ کەلار / شێخ تەویل / شێخ تەویل- سەکو A IK_43290 | 1 |
| 22 | بەڕێوەبەرایەتی گشتی کاروباری مین گەرمیان/ کەلار / شێخ تەویل / شێخ تەویل- سەکو B IK_43291 | 1 |
| 23 | بەڕێوەبەرایەتی گشتی کاروباری مین گەرمیان/ کەرکوک / شوان / ڕێدار / ناروجەی حاجی ادریس /قامیشە / کەوا سوور شالی IK_43148 / A | 1 |
| 24 | بەڕێوەبەرایەتی گشتی کاروباری مین گەرمیان/ کەرکوک / شوان / ڕێدار / ناروجەی حاجی ادریس /قامیشە/ کەوا سوور شالی IK_43149 / B | 1 |
| 25 | بەڕێوەبەرایەتی گشتی کاروباری مین گەرمیان/ کەرکوک / شوان / ڕێدار / ناروجەی حاجی ادریس /قامیشە / کەوا سوور شالی IK_43150 / C | 1 |
| 26 | بەڕێوەبەرایەتی گشتی کاروباری مین گەرمیان/ کەرکوک / شوان / ڕێدار /جەوەجەوە IK_43351 | 1 |
| 27 | بەڕێوەبەرایەتی گشتی کاروباری مین گەرمیان/ کەرکوک / شوان / ڕێدار /جەوەجەوە IK_43351 | 1 |

| | | |
|---|---|---|
| 28 | بەڕێوەبەرایەتی گشتی کاروباری مین گەرمیان/ کەرکوک / شوان / ڕێدار /جەوەجەوە / گەلی گولە باخەکە IK_43358 G_ | 1 |
| 29 | بەڕێوەبەرایەتی گشتی کاروباری مین گەرمیان/ کەرکوک / شوان / ڕێدار/ جەوەجەوە IK_43360 | 1 |
| 30 | بەڕێوەبەرایەتی گشتی کاروباری مین گەرمیان/ کەرکوک / شوان / ڕێدار/ جەوەجەوە IK_43362 | 1 |
| 31 | بەڕێوەبەرایەتی گشتی کاروباری مین سلیمانی / دوکان / سورداش / پیدار IK-1060 | 1 |
| 32 | بەڕێوەبەرایەتی گشتی کاروباری مین گەرمیان / خانقین / خانقین / گاکول IK-43141 | 1 |
| 33 | بەڕێوەبەرایەتی گشتی کاروباری مین سلیمانی / دوکان / بنگرد / کویرەکانی IK-40048 | 1 |
| 34 | بەڕێوەبەرایەتی گشتی کاروباری مین سلیمانی / دوکان / بنگرد / کویرەکانی IK-40049 | 1 |
| 35 | بەڕێوەبەرایەتی گشتی کاروباری مین سلیمانی / دوکان / بنگرد / کویرەکانی IK-40050 | 1 |
| 36 | چاپکردنی نەخشەی A0 بۆ بەشی پلاندانان بۆ پرۆژە تەواوبووەکان و پرۆژە بەردەوامەکان | 2 |
| 37 | بەڕێوەبەرایەتی گشتی کاروباری مین گەرمیان / خانەقین / مەیدان / گوێرەک/ چل مەردە IK-43637 | 1 |
| 38 | بەڕێوەبەرایەتی گشتی کاروباری مین گەرمیان / کەلار / شێخ تەویل / شێخ تەویل/سەکۆIK-43289 | 1 |
| 39 | چاپکردنی نەخشەی A0 بۆ بەشی پلاندانان بۆ پرۆژە تەواوبووەکان و پرۆژە بەردەوامەکان | 2 |
| 40 | بەڕێوەبەرایەتی گشتی کاروباری مین دهوک / زاوێتە / قەسروک IK-10028 / بو ڕێکخراویMAG . | 1 |
| 41 | بەڕێوەبەرایەتی گشتی کاروباری مین دهوک / زاویتە /ڕەبیا مەلا قاسم IK-10031 بۆDMAC . | 1 |
| 42 | بەڕێوەبەرایەتی گشتی کاروباری مین سلیمانی / شارباژێر / زەلان / چنارەی شێخ المارین IK-41064 / بۆ. SMAC | 1 |
| 43 | بەڕێوەبەرایەتی گشتی کاروباری مین سلیمانی / پێنجوین / راوکان IK-41319 / بۆ. SMAC | 1 |
| 44 | بەڕێوەبەرایەتی گشتی کاروباری مین سلیمانی / هەڵەبجە / سیروان/ هانە IK-40644, IK-40645, IK-40522بۆ. SMAC | 3 |
| 45 | بەڕێوەبەرایەتی گشتی کاروباری مین گەرمیان/ کفری /کفری/ کفری IK-40199/بۆ ڕێکخراویHI . | 1 |
| 46 | بەڕێوەبەرایەتی گشتی کاروباری مین گەرمیان/ خانەقین / قورەتوو / حەوش کوروو IK-43176 بۆ ڕێکخراوی HI . | 1 |
| 47 | بەڕێوەبەرایەتی گشتی کاروباری مین گەرمیان/ کەلار / شیخ تەویل. IK-43296 . | 1 |
| 48 | بەڕێوەبەرایەتی گشتی کاروباری مین گەرمیان / خانەقین / خانەقین / گاگول. IK-43140 . | 1 |
| 49 | بەڕێوەبەرایەتی گشتی کاروباری مین دهوک / زاخۆ/ دەرکار / عمەر ئاغا. IK-23769 . | 1 |
| 50 | بەڕێوەبەرایەتی گشتی کاروباری مین دهوک/ زاخۆ /باتیفا / سیرکوتکی IK-10272 بۆ ڕێکخراوی MAG . | 1 |

| | | |
|---|---|---|
| 51 | بەڕێوەبەرایەتی گشتی کاروباری مین هەولیر / مێرگە سوور /مێرگەسوور /بێستریّ IK-10639 . | 1 |
| 52 | بەڕێوەبەرایەتی گشتی کاروباری مین سلیمانی / پێنجوین / گەرمک / میراوا IK-40306 . | 1 |
| 53 | بەڕێوەبەرایەتی گشتی کاروباری مین سلیمانی / شارباژێر / ماوەت / ئاوکورتی. IK-41049/ | 1 |
| 54 | بەڕێوەبەرایەتی گشتی کاروباری مین سلیمانی / شارباژێر /سیوەیل / بێوریّ. IK-43415 / | 1 |
| 55 | بەڕێوەبەرایەتی گشتی کاروباری مین هەلەبجە /سیروان / هانەژاڵ. IK-40643 / | 1 |
| 56 | بەڕێوەبەرایەتی گشتی کاروباری مین سلیمانی / پێنجوین / گەرمک / میراوا. IK-40306 / | 1 |
| 57 | بەڕێوەبەرایەتی گشتی کاروباری مین گەرمیان / خانقین / مەیدان / بانی بی / ڕەبایەی بان باخی زۆراب . IK-43632 | 1 |
| 58 | ئامادەکردن و دروست کردنی نەخشەی قەبارە گەورە (A0) بۆ ناوچە مەترسیدارەکانی هەرێمی کوردستان بۆ پارێزگای هەولێر. | 1 |
| 59 | ئامادەکردن و دروست کردنی نەخشەی قەبارە (A3) بە جۆرەکانی مین و تەقەمەنی بە پێی زۆرترین جۆری مین تاکو کەمترین جۆر کە دۆزراوەتەوە لە کوردستان تاکو کۆتایی ساڵی 2019. | 1 |

- **کارەکانی تەکنەلۆجیای زانیاری:**
  - گۆرینی پاتری و چاکردن و بەدواداچونی کێشەی UPS بۆ 15 ئامێری جۆراوجۆر
  - دامەزرانی ئەنتیڤایرۆس و چالاککردنی 17 کۆمپیوتەری بەڕێوەبەرایەتیە جیاجیاکان.
  - بەدواداچوونی کێشە و چارەسەرکردنی زیاتر لە 23 کێشەی کۆمپیوتەر و تۆڕی کۆمپیوتەر بۆ کارمەندە جیاجیاکانی بەڕێوەبەرایەتیەکان.
  - وەڵام دانەوەی پرسیارەکانی فەرمانبەرانی دەزگا تایبەت بە کێشەکانی کۆمپیتەر و IT لە ڕێگای پەیوەندی تەلەفۆنی.